# تێچون و گۆڕانی دەنگ لە وشەی وەرگیراو لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی ئامارییە)

**شێروان حسێن حمدا - شۆخان قادر حسن**

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تێچون و گۆڕانی دەنگ لە وشەی وەرگیراو لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی ئامارییە))یە، کەرەستەی توێژینەوەکە بۆ ئەو وشانەی کە لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە تەرخانکراوە. دەچێتە ناو بواری فۆنۆلۆژیی و بەپێی ڕێبازی وەسفی ئاماری کاری لەسەرکراوە. دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئایا ئەو وشە وەرگیراوانەی دێنە ناو زمانی کوردی تا چ ڕادەیەک هەریەک دیاردەکانی گۆڕانی دەنگ و تێچونی دەنگی تێدا ڕودەدات. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دابەشدەبێت بەسەر دو بەشدا: بەشی یەکەم ناساندنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان هەریەک لەتێچون و گۆڕانی دەنگ و باسێک لە وشەی وەرگیراو و گۆڕانی دەنگی وشەی وەرگیراومان کردوە، لەبەشی دوەمدا شیکردنەوەو پیشاندانی ئاماری ئەو وشە وەرگیراوانەی لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی تێچون و گۆڕانیان بەسەردا دێت خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** تێچونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ، وشەی وەرگیراو، یاسا فۆنۆلۆژییەکان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

**Received:** 27-October-2021

**Accepted:** 15-December-2021

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

sherwan983@uor.edu.krd

shokhan.qadir@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

**ناونیشـــانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشـــانی (تێچون و گۆڕانی دەنگ لە وشـــەی وەرگیراو لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەی شیکاری ئامارییە)) دەچێتە بواری فۆنۆلۆژییەوە.

**ئامانج وگرنگی توێژینەوەکە:** پێشـــتر لێکۆڵینەوە لەبواری یاســـا فۆنۆلۆژییەکاندا کراوە ئەو توێژینەوەی ئێمە بریتییە لە دوبارە ناســاندنی یاســا فۆنۆلۆژییەکان و جۆرەکانی (تێچون و گۆڕان)ی دەنگ، پاشــان خســتنەڕو شــیکردنەوەی ئەو وشــانەی لەزمانی ئینگلیزیەوە وەرگیراوەن بۆ زمانی کوردی، پیشــاندانی ئەو تێچون و گۆڕانەی بەسەریاندا دێت بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی شیکردنەوەیان بەشێوەی ئامارو ڕێژەیی خراوەتەڕو.

**سنورو کەرەستەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ئەو وشە وەرگیراوانەی لەزمانی ئینگیلزیەوە هاتونەتە ناو دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە.

**ڕێبازی کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا:** توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەســفی شــیکاری ئەنجام دراوە، و لەبەشــی دوەمدا پەنابراوەتە بەر میتۆدی ئاماری بۆ شیکردنەوەی کەرەستەکان.

**گرفتی توێژینەوەکە:** ئەو وشــە وەرگیراوانەی کە دێنە ناو زمانی کوردی گۆڕانیان بەســەردا دێت و بۆ ئەوەی بەئاسانی دەرببڕدرێن ئێمە بەدوای هەردو دیاردەی گۆڕان و تێچوندا دەچین.

**بەشـەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لەپێشـەکی و ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان بەگشـتی بۆ دو بەش دابەشکراوە، لە بەشی یەکەم (یاسا فۆنۆلۆژییەکان و جۆرەکانی (تێچون و گۆڕان)) خراوەتەڕو، لەگەڵ وشەی وەرگیراو و گۆڕانی دەنگی وشــەی وەرگیراو، لەبەشــی دوەمدا تێچون و گۆڕانی دەنگی وشــە وەرگیراوەکان بەئامارو شیکردنەوە خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: تیۆرو بنەما

### ١-١: یاسا فۆنۆلۆژییەکان

لەهەر زمانێکدا کۆمەڵە یاسایەکی دەستنیشانکراو هەن، کە بەیاسا فۆنۆلۆژییەکان ناودەبرێن، کە لەزمانێکی دیکە جیادەکاتەوە، یاخود نزیکی دەکاتەوە، هەر زمانێک کۆمەڵێک یاســـای تایبەت بەخۆی هەیە بەهۆیەوە فۆنۆلۆژیی فۆنیمەکان دەستنیشان دەکات، لەئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانیش دەنگ هەیە، دەگۆڕێ و دەنگ هەیە، پەیدادەبێت و دەنگ هەیە تێدەچێت...هتد. (علی: ٢٠١٥: ١٠٢) لەڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین بڵێین یاســـا فۆنۆلۆژییەکان بەشـــێکن لەگەیاندنی پەیامەکان لەرێگەی زمانەوە، ئینجا ئەو پەیامانە نوســـرابن یاخود بەقســـەکردن دەرببرێن، زانینی ئەوەی یاســـا فۆنۆلۆژییەکان چین و بۆچی بونیان هەیە یارمەتیمان دەدەن، کە زیاتر لە زمانەکان تێبگەین. (Obied :٢٠١٦ :١٦٨) یاســـا فۆنۆلۆژییەکان لەشـــیکردنەوەی زماندا ڕۆڵی خۆیان هەیەو گرنگیان لەپرۆسەی درکاندندا دەردەکەوێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

(Hayes) چەند تایبەتمەندییەکی یاسا فۆنۆلۆژییەکان دەخاتەڕو:-

١- یاســـاکان تایبەتن بەزمانەکان، هەمو زمانەکان یاســـای تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆنمونە یاســـای ڤاوڵ لەزمانەکاندا جیاوازە، یان یاساکانی کورتکردنەوە لەزمانی ئینگلیزیدا دەبینریت، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا وشە بە ڤاوڵ دەست پێناکات ئەمەش یاسایەکە تایبەتە بە زمانی کوردی.

٢- بەهۆی یاساکانەوە دەتوانین بیرە گونجاوەکانی ئاخاوتن دیارییکەین، هەر کەموکوڕییەک لەکاتی قسەکردندا هەبێت قســـەکەری ڕەســـەنی زمانەکە هەســـت بەناتەبایی دەکات و پێشـــێلکارییەکانی یاســـا فۆنۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی ئاسای هەستپێکراوە.

٣- یاســـاکانی فۆنۆلۆژیی فێرنەکراون بەڵکو، بەشـــێوەیەکی خۆویســـتانە لەمنداڵیەوە فێریان دەبین. ( Hayes: 27 :2009) دەتوانین بڵێین یاسا فۆنۆلۆژییەکان جۆرێکن لەزانیاری نائاگا لەگەڵماندا گەورەدەبن.

## بەپێی سروشتی توێژینەوەکەمان دو جۆر لە یاساکان دیاری دەکەین:

چەند یاســـایەکی جۆربەجۆر هەیە، کە لەکتێبە فۆنۆلۆژییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە بریتین لە پەیدابونی دەنگ، گۆڕانی دەنـگ، جێگۆڕکێی دەنـگ، تێچونی دەنـگ، دەنگەگۆڕکێ، لێکچوانـدنی دەنـگ. بەڵام ئێمە لێرەدا بەپێی ســـروشـــتی توێژینەوەکەمان تەنها جەخت لەســـەر هەریەک لە تێچون و گۆڕان دەکەین بۆیە لێرەدا بەوردی باسیان دەکەین.

### ١-١-١ تێچونی دەنگ

بریتییە لە تێچونی دەنگێک یان زیاتر لەوشـــەیەکدا، دەنگێک لەئاخاوتندا لادەبردرێت و مەرج نییە دەنگەکە بەتەنیا بێت دەکرێت بڕگەیەک بێت لەوشـــەیەکدا. (Crystal: 1997: 133) تێچونی دەنگ بەمەبەســـتی ئاســـان کردنی دەربڕینە، زۆرجار دەنگێک لەژێر کارتێکردنی هەندێک هۆکار لەکاتی ئاخاوتندا لەناو دەچن. (هالو: ٢٠٠٧: ٥٩) کە زیاتر بەمەبەســـتی ئاســـانکردنی دەربڕینە ئەو وشـــانەی وەرگیراون لەزمانەکانی ترەوە قســـەپێکەران بۆ ئەوەی ئاســـانبن لەلایان پەنا دەبەنەبەر لەناوچونی دەنگێک یان زیاتر بەمەبەســـتی ئاســـانی دەربڕین. هەنـدێ جـاریش ئەگەر دو دەنگی کۆنســـۆنـانتی وێکچو یـاخود لێکنزیـک، بکەونە پاڵ یەک، ئەوا لەدەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێ. (مارف: ١٩٧٦: ٥٤).

[Lass] پێشنیاری ئەوەی کرد سێ جۆری جیاواز لە تێچونی دەنگ هەیە:

١- Aphaeresis لەســـەرەتای وشـــەدا کە دەنگی یەکەم لەناودەچێت، یان ناخوێندرێتەوە، کە ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا نییە، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە (Know).

٢- syncope لەناوەڕاســتی وشــەدا کە بۆ لابردنی دەنگی ڤاوڵەکان بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێک لەم گۆڕانەدا دەنگێک یان زیاتر لەناوەڕاســـتی وشـــەکەدا لەناودەچێت، کە زیاتر بۆ لابردنی دەنگی ڤاوڵەکان بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێک نوسەران بۆ دەنگی کۆنسۆنانت بەکاریدەهێنن، تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەناوەڕاستی وشەدا (Spanner /ˈspænə/ /spænə/ســپانە)، تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەناوەڕاســـتی وشـــەدا ( profile /ˈprəʊfaɪl/ /profæi:l/پرۆفایل)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

٣- Apocope بریتییە لە دەســتدانی بەشــی کۆتایی (دەنگی کۆتایی) لەپێش وشــەیەکی تر بە کۆنســۆنانت دەســتپێدەکات، هەروەها ئەو وشــانەی ســترێس (هێز)ی لاواز دەردەبڕدرێن کۆتاییەکانیان لەدەســت دەدەن. (Lass: 1984: 187) تێچونی دەنگی کۆتای

budget /ˈbʌdʒɪt/ /bʊdʒə/بوجە

تێچونی دەنگ بەپێی شــوێنیان لەناو وشــەکاندا بەم شــێوەیە، لە ســەرەتای وشــەدا دەنگێک تێدەچێت یان ناخوێندرێتەوە، بەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی لە زمانی کوردیدا ڕێنوســی خوێندنەوەمان وەکویەکە، بەپێی ئەو داتایەی وەرمان گرتوە هیچ وشـەیەکمان نییە لە سـەرەتای وشـەدا دەنگی یەکەمی نەخوێندرێتەوە، یان تێبچێت. لە ناوەڕاستی وشـەدا دەنگێک لەناودەچێت کە دەنگێکی ڤاوڵە یان کۆنسـۆنانت. تێچونی دەنگ لە کۆتای وشـەدا کە لە بەشی کۆتای وشەکەدا دەنگێک تێدەچێت.

**١-١-٢گۆڕانی دەنگ**

دەنگێک دەگۆڕێت بەدەنگێکی تر بەبێ ئەوەی کار بکاتە ســەر واتای وشــە، گۆڕانێکە لەشــێوازی دەربڕینی دەنگێکی تایبەت لەقســەکردندا (Fasold and Linton: 2006: 285) واتە گۆڕانی دەنگێک لەدەنگەکانی ناو وشە ئەم جۆرە گۆڕانەش بەسەر وشە، یان مۆرفیمەکاندا دێت، لەئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لەژینگەی جیاوازدا دێتەکایەوە، لەهەندێ حاڵەتدا شــێوەو قاڵبی جیاواز وەردەگرن، بێئەوەی لە ئەرک و واتایەن کەم بێتەوە. (عەلی: ٢٠١٥: ١١٧) بەڵام، ئەم گۆڕانە هیچ کار لەسەر واتای وشەکە ناکات، کە بەشێکن لەپەرەسەندن و بەردەوامی لەهەر زمانێکدا. ئەم یاســایە زیاتر لەناو ئەو کەســانەدا دەبینرێت قســەکەری ڕەســەنی زمانەکە نەبن، بۆیە تێکهەڵکێشــکردنی ئەو دەنگانەی نزیکن لەیەک قورس دەبێت، بۆیە ئەم یاســایە پەیڕەو دەکرێت تا تێگەیشتن و قسەکردن ئاسانتر بێت (Obied: 2015: 7) گۆڕانی دەنگ لەزماندا شتێکی ئاساییەو زمان بەرەو ئاســـانکاری دەبـات (Adelaar: 2018: 2) گۆڕانی دەنـگ و دەنگەگۆڕکێ دو دیـاردەی جیـاوازن، بەڵام لەیەکتریەوە نزیکن، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە دیاردەی گۆڕانی دەنگە، کە دەنگێک بگۆڕێ بەدەنگێکی تر لەهەمو قســەپێکەرانی زمانی کوردیدا بەو جۆرەیەو زیاتریش لەو وشــانەدا دەبینرێت کە لەزمانی ترەوە وەرگیراوەن بۆ ناو زمانی کوردی، بەڵام دەنگگۆڕکێ گۆڕانی دەنگێکە بەدەنگێکی تر لەئاخاوتنی هەندێک کەسدا بەبێ ئەوەی واتای وشـەکە بگۆڕدرێت، بەڵام لێرەدا وشـەکە دو فۆڕمی جیاوازی دەبێت و قسـەپێکەرانی زمانی کوردی لەهەردو فۆڕمی وشــەکە تێدەگەن، بەڵام بەکارهێنـانیـان زۆرجار لەنێوان دیالێکتەکاندا دەگۆڕێت. دەتوانین بڵێین ئەم یاسـایە بەشـێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ لەو وشـانەی لەزمانێکی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی وەک لەبەشی دوەمدا خستومانەتەڕو.

ئەم یاسایە بەم شێوانەی خوارەوە دەبینرێن:

١- گۆڕان لەکۆنســۆنانت: مەبەســت لە گۆڕان لە کۆنســۆنانت ئەوەیە کە دەنگێک یان زیاتر لەدەنگێکی کۆنسۆنانت دەگۆڕێت بەدەنگێکی تری کۆنسۆنانت، ( Light /laɪt/ /læi:t/ لایت)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

٢- گۆڕان لەڤاولدا: دەنگی ڤاول لە وشـــەی وەرگیراو دەگۆڕێـت بە دەنگێکی تری ڤاول. ( bus /bʌs/ pæs//پاس).

٣- گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت: لە وشەی وەرگیراودا دەنگی ڤاوڵ دەگۆڕێت بۆ دەنگی کۆنسۆنانت. ( Spare /speə/ /sper/سپێر).

٤- گۆڕانی دەنگی کۆنســـۆنانت بۆ ڤاوڵ: لەو وشـــە وەرگیراوانەی کە لە زمانی ئینگلیزییەوە دێنە ناو زمانی کوردی دەنگی کۆنسۆنانت دەگۆڕێت بۆ دەنگی ڤاوڵ. (/page /peɪdʒ /pəi:dʒ/پەیج).

## ٢-١ وشەی وەرگیراو:

ژیان بەردەوام لە بەرەوپێشچون و گەشەکردن و گۆڕاندایە، زمانیش هاوتەریبە لەگەڵی، ئەو وشانەی لەناو زماندا هەن بەتەنها پێداویستی زمان پرناکاتەوە "لەزمانەکانی ترەوە وشە هاوردە دەکات، کە پێیدەوترێت وشە وەرگرتن، ئەم ڕێگایە زۆر چالاک و گشـــتییە". (حســـێن: ٢٠١٦: ١٢٥) وشـــەی وەرگیراو لە هەمو زمانەکانی دونیـادا هەیەو هیچ زمـانێـک نـاتوانێ خۆی لێبەدوربگرێـت وشـــە وەرنەگرێـت بە کەرەســـتەکـانی خۆی پێداویستیەکانی زمانی خۆی پڕبکاتەوە، بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی زمانێکی پێشکەوتوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەڵام لەوشـــە وەرگرتن بێبەش نەبوە بە جۆرێک کە "لەســـەدا پەنجای وشـــەکانی لەزمانی دی وەرگرتوە" (ناوخۆش: ٢٠١٤: ٤١) زمانی کوردیش ئەم ڕێگایەی گرتوتەبەرو ناتوانێت خۆی لێبەدور بگرێت "زمانی کوردی هێندە وشەی لە زمانێکی زۆرەوە وەرگرتوە، کە گرانە قسەکەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو هیچ شتێک بڵێت". (مەحوی: ٢٠١٠: ١٢٨) وەرگرتنی وشە لەزماندا پرۆسەیەکە بەبێ ئەوەی پلانی بۆ دابنرێت و چاوەڕوانی بکرێت زمان پەنای بۆ دەبات. "(فیگۆرۆڤسکی) ڕای وایە پڕکردنی بێ حەدو حسابی زمان بە وشـە وەرگرتن پێویســـتی نەبن، هەڵەو خەڵەتێکی گەورەیە، بەڵام پڕبونەوەو کامڵ بونی پێکهاتەی وشـــەی وەرگیراو، ســـروشـــتییەو ناتوانرێت لێی ڕابکەین، ئەم پرســـە لە قوڵای مێژووەوە دەســـتی پێی کردوەو گشـــت زمانێکی گرتوتەوە". (سدیق: ٢٠٢٠: ٤٢-٤). هۆکاری کەلتوری و ئاینی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو دیاردە نوێیەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە هاتنە ناوەوەی وشەی وەرگیراودا "لە وەرگرتنی وشەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت وشە وەرگیراوەکە هەروەک چۆن لەزمانە ڕەســـەنەکەی خۆیدا بۆ مەبەســـت و واتایەکی دیاریکراو داهێنراوە، دەبێت بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ هەر لەو زمانەوە بە هەمان مەبەسـت و واتاوە بگواسـترێتەوە.(محەمەد: ٢٠٢٠: ٥٥) وشـــەی وەرگیراو لەگەڵ فۆنۆلۆژی زمانەکەدا بگونجێت و بە هەمان واتاو مەبەســـت بەکاربێت. پێویســـتە ئاماژەش بەوە بکەین هەر وشـــەیەکمان وەرگرت و هاتە ناو زمانەوە لەناو فەرهەنگدا تۆماربکرێت، بۆ ئەوەی لەلایەن خوێنەرانەوە بتوانرێت سـود لەو وشـە وەرگیراوە نوێیانە وەربگرێت، هەروەها پێویسـتە بەشـێوەیەکی ڕاست و دروست بنوسرێت چ لەڕوی ڕێنوسەوە بێت یان لەڕوی دەربڕینەوە (شێوەی دەنگنوسی)، بۆ ئەوەی کاتێک خوێنەرێکی زمانەکە ڕوبەڕوی وشـەیەکی وەرگیراوی تازە دەبێتەوەو لە واتاکەی تێنەگات بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی زمانەکە. هەروەها ئەو وشـــە وەرگیراوانەی کە لەناو زمانی کوردیدا دەبینرێن بەزۆری وشـــەکە لەزمـانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوەن "زمـانی ئینگلیزی پلەی یەکەمی بەرکەوتوە لە هەمو زمـانەکـانی تر زیـاتر


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

وشـــەی لێوەرگیراوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، چونکە زمانی ئینگلیزی لەم چەند دەیەی ڕابردو بۆتە زمانی زانســـت و تەکنەلۆژیا." (ڕەحمان: ٢٠١٧: ٦٧-٦٨). هەر وشـــەیەک لەزمانێکی ترەوە وەردەگیرێت پێویســـتە بەرگێکی خۆماڵی بەبەردا بکرێت و لەگەڵ یاساو دەستوری زمانەکەدا بگونجێنرێت. لە وەرگرتنی وشـەدا چەند ڕێگەیەک پەیڕەو دەکرێت کە بریتین لە:

### ١-٢-١ وەرگرتنی وشە بەبێ دەستکاری:

لەم جۆرەدا وشە وەک خۆی (کتومت) وەردەگرێت و بەکاردەهێنریت، بەڵام بە ڕێنوسی کوردی دەنوسرێت "هەندێک وشە بێ ڕۆیشتن بە فلتەری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا هاتونەتە زمانەکەوەو تەنها ڕێنوسیان گۆڕاوە" (کریم: ٢٠٢١: ٢٦٥) ئەم وشانە بەم جۆرەن: [/friend/frend فرێند، /Copy/ˈkɒpi کۆپی، /Plan/plæn پلان]. دەکرێ بڵێین لە سـەردەمی ئێسـتادا بەراورد بە ڕابردو وشـە وەرگیراوەکان کەمتر گۆڕانیان بەسـەردا دێت و وەکو خۆیان وەردەگرێن، چونکە هۆکارەکانی تەکنەلۆژیاو ڕۆشنبیری ئاخێوەران وای کردوە وشە ڕاستەوخۆ لە خودی زمانەکەوە وەربگرێن و کە پێشـــتر وەرگرتنی وشـــە زیاتر لەڕێگەی زمانی دوەمەوە بو کە ئەمەش دەبوە هۆی گۆڕانی وشەکە.

### ١-٢-٢ وەرگرتن بە دەستکاریەوە:

لەم جۆرەدا وشـــەی وەرگیراو بەپێی گونجاندنی فۆنۆلۆژییانەی زمانی دوەم دەردەبڕدرێت "گۆڕانیان بەســەردا هاتوەو لەڕوی فۆڕمەوە تا ئاســتێک لە زمانە لێوەرگیراوەکە دورکەوتونەتەوە سـیمایەکی خۆماڵییان وەرگرتوە" (محەمەد:٢٠٢٠: ٥٥) ئەو وشـانەی بەم جۆرە دروست بون وەک:[ /camera /ˈkæmərə/ کامێرا]. وشـە وەرگیراوەکان کاریگەری فۆنۆلۆژی زۆریان پێوەدیارەو بەجۆرێک لەڕوی فۆڕمەوە لە زمانی لێوەرگیراو زۆر دوردەکەوێتەوەو زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاســـا فۆنۆلۆژییەکان ئەو زمانە ســـیمایەکی خۆماڵی پێوەدیار دەبێت.

### ١-٢-٣ وەرگرتن بە تێکەڵکردن:

زۆرجار وشـەی وەرگیراو "لەشـێوەی تێکەڵکردنێک دەبینرێت، بەشـێکی لە زمانە ڕەسـەنەکەو بەشـێکی لە وشـە وەرگیراوەکە دەبێت." (Llmina: 2016: 21) کاتێک وشە ئینگلیزییەکە دێتە ناو زمانی کوردی لەگەڵ وشەیەکی تری ڕەســەنی زمانی کوردی کۆدتێکەڵ دەکەن و بەیەکەوە وشـــەیەکی نوێ دروســت دەکەن. هەروەها بەهۆی "پێشگر و پاشگر یان وشەی سادەی دیکە، لێکدراون، زاراوەی نوێیان لێ دارِژاوە بەرگێکی خۆماڵییان بەبەردا کراوە" (عبدالله: ٢٠٠٧: ١٤٨) بۆ نمونە [گۆران نێت، ڕۆژ ســتی]. بەشــێکی لە وشــە وەرگیراوەکە وەردەگرێت لەگەڵ بەشێکی وشەکە لە زمانەکەی خۆی و وشەیەکی وەرگیراوی نوێ دروست دەکات.

### ١-٢-١ گۆڕانی دەنگی وشەی وەرگیراو:

هەر وشـــەیەک لە زمانیکەوە دەچێتە زمانێکی تر لەژێر کاریگەری زمانی یەکەم قســـەپێکەران وشـــە وەرگیراوەکە دەردەبڕن و ئەمەش دەبێتە هۆی دروسـتکردنی گۆڕان لە وشـە وەرگیراوەکە "گۆڕانی فۆنۆلۆژی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

زۆر بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە وشەیەک لە زمانێکەوە دەچێتە زمانێکی تر بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی وەربگرێتەوە. (Katamba: 2005: 133) هەمو زمانێک دەنگسازی و دەستوری تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە وشەو زاراوەی لەبەر ڕوناکی ڕێبازی زاراوە وەرگرتندا دەخوازێت دەبێ دەنگەکان بخەینە ژێر کاریگەری دەنگسازی و دەستوری وشەسازی کوردییەوە." (عبدول: ٢٠٠١: ١٣) وشە وەرگیراوەکان گۆڕانی بەسەردا هات لەڕوی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی پێدەوترێت بە (کوردی کردن). گۆڕانیش لە زماندا بەشتێکی گشتی دادەنرێت و کاریگەری دەنگێکە کەوا دەکات بگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر لە زمانی ڕەسەنەکە کە نزیکە لەو دەنگە (Crady: 1993: 46). زۆرجار هۆکاری گۆڕانی وشەی وەرگیراو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وشە وەرگیراوەکان ناڕاستەوخۆ لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێن هەندێ جار. "وەرگرتنی وشە لەڕێی زمانە هەرێمایەتییکانەوە بو، کە گۆڕانکاری لە ئاستی دەنگسازی وشەکاندا دروست دەبو. (مجید: ٢٠١٩: ٢٣) وشە خواستراوەکان ڕاستەوخۆ لە خودی زمانی ڕەسەنەوە وەربگیرێن کەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت، چونکە ڕاستەوخۆ دێنە ناوزمانەوە، بەڵام کاتێ لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێن ئەو زمانەی پێشوتریش کۆمەڵێک گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەسەر وشەکەدا هێناوە تا ئاسان بێت بۆ دەربڕین، واتە وشەکە لەدو زمان گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەسەردا دێت.

چەند هۆکارێک هەن وشەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت ئەوانیش:

١- فۆنی هاوبەشی بۆ دۆزیوەتەوە کە بەرانبەرەکەی لە کوردیدا بە دەنگی گۆکردنی کوردی بوە.

٢- کەم توانایی خەڵک بۆ گۆکردنی وشەکان وەک خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وشانەی کە دەهاتنە زمانەکەوە پێویستییەکی ڕۆژانە بون و ئەو دەنگانەی کە لە زمانی کوردیدا نەبون خەڵکەکە بەپێی گونجاندنی لەگەڵ لێو و قوڕگ و مەڵاشو بۆ دەربڕینی ئەو دەنگە پەنایان بردۆتە بەر دەنگێکی گونجاو یان دەربڕینێک کە هەموان لەسەری ڕێککەوتون. (محمد: ٢٠٠٧: ٣٢). لەبەر ئەوەی فۆنۆلۆژی زمانەکان جیاوازیان هەیە هەمو زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە کاتێک وشەکان لە زمانێکەوە وەردەگیرێن بۆ زمانێکی تر توشی گۆڕانی دەنگی دەبن.

## بەشی دوەم: پراکتیک و لێکدانەوە

### ٢-١خستنەڕو و شیکردنەوەی ئامارەکان

ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان تەرخانکردوە بۆ ئەو وشە وەرگیراوانەی کە لەزمانی ئینگلیزیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردیەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەسەر زاری خەڵکەوەیەو بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێن و لە گفتوگۆکردنی ڕۆژانەدا. هەوڵمانداوە زیاتر ئەو وشانە وەربگرین کە لەناو هەمو چینەکانی خەڵکدا بەکاردێن و هەمو کوردێک لەو وشانە تێدەگات و بەکاریاندەهێنین. ئەو وشانەی کە لە توێژینەوەکەماندا بەکارمانهێناوە هەمان شێوەی دەربڕینی فۆنۆلۆژیانەیە کە لەناو خەڵکدا بەکاردێت لە بەرانبەریدا هەمان وشەمان لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگرتوەو بەپێی فەرهەنگی جیهانی [Longman Dictionary] دەنگنوسیەکەمان وەرگرتوەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

لەگەڵ ئەو وشـە وەرگیراوەی کە قسـەپێکەرانی کورد بەکاریدەهێنن، دەنگنوسـیمان بۆ کردون بەپێی ئەلفابێتی جیهانی(IPA)، بەهەمو ئەو گۆڕان و دەسـتکاریەی کە بەسـەریان هاتوە بەپێی یاسـا فۆنۆلۆژییەکانی (تێچون و گۆڕانی دەنگ) ڕونمانکردۆتەوە کە ئەو وشـانە چ گۆڕانێکیان بەسـەردا هاتوەو بۆ ئەوەی قسـەپێکەرانی کورد لەگەڵ فۆنۆلۆژی زمانی کوردی بگونجێن و ئاسـان بێت بۆ دەربڕین. دەکرێ بە هەریەک لە بەرنامەکانی SSPS یان RIR یان Excel شیکردنەوەی داتاکان بکرێت، ئەو ئامارەی ئێمە خستومانەتەڕو ئاڵۆزنین، بۆیە پەنامان بردۆتە بەر بەرنامەی Excel شیکردنەوەی داتاکانمان کردوە. لەم بەشـەدا (١٣٩) وشـەمان وەرگرتوە بەپێی یاسـا فۆنۆلۆژییەکانی(تێچون و گۆڕانی دەنگ) گۆڕانیان بەسـەرداهاتوە، هەروەها پێویسـتە ئاماژە بەوە بکەین ئەو وشـە ئینگلیزییانەی وەرمانگرتوە دەکرێ لە یاسـایەک زیاتری بەسـەردا جێبەجێ ببێت، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تەنها ئەو یاسایانەیە کە لەژێر خۆیدا ئاماژەمان پیداوە.

### ٢-٢ تێچونی دەنگ:

#### ٢-٢-١ تیچونی دەنگ لەسەرەتای وشەدا:

بەپێی ئەو ئامارەی لە توێژینەوەکەماندا وەرمانگرتوە، هیچ وشەیەکمان نییە لەسەرەتای وشەدا تێبچێت.

#### ٢-٢-٢ تیچونی دەنگ لەناوەڕاستی وشەدا:

#### ٢-٢-٢-١ تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەناوەڕاستی وشەدا:

تێچونی دەنگی[n]

Spanner /ˈspænə/ سپانە/spænə/

#### ٢-٢-٢-٢ تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەناوەڕاستی وشەدا:

تێچونی دەنگی[ə]

Level / ˈlevəl/ لیڤڵ/levl/

تێچونی دەنگی[ʊ]

profile /ˈprəʊfaɪl/ پرۆفایل/profæi:l/

تێچونی دەنگی[ɪ]

message /ˈmesɪdʒ/ مێسج/mesdʒ/

تیچونی دەنگی[e]

Tape /teɪp/ تیپ/ti:p/

تێچونی دەنگی[ʊ]

video /ˈvɪdiəʊ/ ڤیدیۆ/vi:di:o/

تێچونی دەنگی[a]

Dynamo /ˈdaɪnəməʊ/ دینەمۆ/di:nəmo/



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

تێچونی دەنگی[ə.ɪ]

سلندەر /slndər/ Cylinder /ˈsɪləndə/

**٢-٢-٣ تێچونی دەنگ لەکۆتایی وشەدا:**

**٢-٢-٣-١ تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەکۆتایی وشەدا:**

تێچونی دەنگی[t]

بوجە/bʊdʒə/ budget /ˈbʌdʒɪt/

تێچونی دەنگی[s]

کۆنگرە/kongrə/ Congress /ˈkɒŋgres/


**٢-٢-٣-٢ تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەکۆتایی وشەدا:**

تێچونی دەنگی [ɪ]

کافێ / kæfe/ cafe /kæfeɪ/

تێچونی دەنگی[u]


دینەمۆ/di:nəmo/ Dynamo /ˈdaɪnəməʊ/




چارتی ژمارە (1) نیشاندانی ڕێژەیی تێچونی دەنگی ڤاوڵ و کۆنسۆنانت و شوێنیان لەناو وشەکاندا وەک لەچارتەکەدا دەردەکەوێت، تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەسەرەتای وشەدا بەرێژەیی (٪سفر)، تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەناوەڕاستی وشەدا بەرێژەیی (٪٧٦)، تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەکۆتای وشەدا بەرێژەیی (٪١٢)، تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەسەرەتای وشەدا بەرێژەیی (٪سفر)، تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەناوەڕاستی وشەدا بەرێژەیی (٪٣)، تێچونی دەنگی کۆنسۆنانت لەکۆتای وشەدا بەرێژەیی (٪٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4




چارتی ژمارە (2) نیشاندانی ڕێژەو جۆری ئەو دەنگانەی تێچون

چارتی ژمارە (2) نیشـــاندانی ڕێژەو جۆری ئەو دەنگانەی تێچون، وەک لەچارتەکەدا دەردەکەوێت، تێچونی دەنگی (n) بەرێژەیی (٣٪)، تێچونی دەنگی (t) بەرێژەیی (٦٪)، تێچونی دەنگی (s) بەرێژەیی (٣٪)، تێچونی دەنگی (i) بەرێژەیی (٣٨٪)، تێچونی دەنگی (ɘ) بەرێژەیی (٣١٪)، تێچونی دەنگی (ʉ) بەرێژەیی (١٠٪)، تێچونی دەنگی (e) بەرێژەیی (٣٪)، تێچونی دەنگی (a) بەرێژەیی (٣٪)، تێچونی دەنگی (u) بەرێژەیی (٣٪).

## ٢-٣ گۆڕانی دەنگ

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لەو وشە وەرگیراوانەی کە لەزمانێکی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی دەبینرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان گۆبکرێن، ئەم یاسایە بەم شێوانەی خوارەوە دەبینرێن:

## ٢-٣-١ گۆڕان لەکۆنسۆنانتدا

کە زیاتر دەنگێکی کۆنسۆنانت دەگۆڕێت بە دەنگێکی تری کۆنسۆنانت:

گۆڕانی دەنگەکانیش بەپێی شوێنی هاتنیان لەناو وشەکاندا بەم شێوەیە:

### ٢-٣-١-١ گۆڕانی دەنگ لەسەرەتای وشەدا:

گۆڕانی دەنگی[L]بۆ[l]

Light /laɪt/ لایت /læi:t/

گۆڕانی دەنگی[ç]بۆ[ʃ]

chance /tʃɑ:ns/ شانس /ʃæns/

گۆڕانی دەنگی[c]بۆ[ ç]

Jacket /ˈdʒækɪt/ چاکەت /tʃækət/

### ٢-٣-١-٢ گۆڕانی دەنگ لەناوەڕاستی وشەدا:

گۆڕانی دەنگی[ ɫ]بۆ[l]



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

dialogue /ˈdaɪəlɒg/ دایەلۆگ/dæɪəlog/

گۆڕانی دەنگی[ɫ]بۆ[l]

block /blɒk/ بلۆک /blok/

گۆڕانی دەنگی[v]بۆ[f]

Shovel /ˈʃʌvəl/ شۆفڵ/ʃofl/

گۆڕانی دەنگی[t]بۆ[n]

constant /ˈkɒnstənt/ کۆنسۆنانت / konsnænt/

گۆڕانی دەنگی[θ]بۆ[t]

method /ˈmeθəd/ میتۆد/mi:tod /

گۆڕانی دەنگی[R]بۆ[r]

abstract / ˈæbstrækt/ ئەبستراکت/æbstrækt/

گۆڕانی دەنگی[c]بۆ[ʒ]

گۆڕانی دەنگی[k]بۆ[d]

tragic /ˈtrædʒɪk/ تراژیدی /træʒi:di/

گۆڕانی دەنگی[R]بۆ[r]

camera /ˈkæmərə/ کامێرا/kæmeræ/

گۆڕانی دەنگی[s]بۆ[z]

Gasoline /ˈgæsəli:n/ گازۆلین / gæzoli:n/

گۆڕانی دەنگی[r]بۆ[l]

Compressor / kəmˈpresə/ کۆمپلێسەر/komplesər/

### ٢-٣-١-٣ گۆڕانی دەنگ لەکۆتایی وشەدا:

گۆڕانی دەنگی[ɫ]بۆ[l]

tell /tel/ تێل/tel/

file /faɪl/ فایل/fæi:l/

گۆڕانی دەنگی[p]بۆ[b]

Jeep /dʒi:p/ جێب/dʒeb/

گۆڕانی دەنگی[d]بۆ[t]

Rod / rɒd/ ڕۆت /rot/

گۆڕانی دەنگی[ç]بۆ[c]

Clutch /klʌtʃ/ کلاچ/klædʒ/



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

گۆڕانی دەنگی[z]بۆ[s]

کلیپس/kleps/ Clips /klɪpz/

گۆڕانی دەنگی[ɫ]بۆ[r]

کتری/ktri/ Kettle /ˈketl/

گۆڕانی دەنگی[c]بۆ[ʒ]


کۆلیژ/koleʒ/ college /ˈkɒlɪdʒ/

گۆڕانی دەنگی[G]بۆ[k]

کەتەلۆک/kətəlok/ Catalogue /ˈkætəlɒg/

گۆڕانی دەنگی[s]بۆ[z]

گاز/gæz/ Gas / gæs/




چارتی ژمارە (3) نیشاندانی ڕێژەیی گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ کۆنسۆنانت

وەک لەچارتەکەدا دەردەکەویت، گۆڕانی دەنگی (ɫ بۆ l) بەرێژەیی (٤٩٪)، گۆڕانی دەنگی (b بۆ p) بەرێژەیی (٧٪)، گۆڕانی دەنگی (p بۆ b) بەرێژەیی (٤٪)، گۆڕانی دەنگی (ç بۆ ʃ) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (c بۆ Ç) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (k بۆ d) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (t بۆ n) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (θ بۆ t) بەرێژەیی(٢٪)، گۆڕانی دەنگی (R بۆ r) بەرێژەیی (٥٪)، گۆڕانی دەنگی (r بۆ l) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (s بۆ z) بەرێژەیی (٥٪)، گۆڕانی دەنگی (c بۆ z) بەرێژەیی (4٪)، گۆڕانی دەنگی (ç بۆ c) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (d بۆ t) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (ɫ بۆ r) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (z بۆ s) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (G بۆ k) بەرێژەیی (4٪)، گۆڕانی دەنگی (v بۆ f) بەرێژەیی (٢٪)، گۆڕانی دەنگی (d بۆ r) بەرێژەیی (٢٪).

## ٢-٣-٢گۆڕان لەڤاوڵدا

کە زیاتر دەنگێکی ڤاوڵ دەگۆڕێت بە دەنگێکی تری ڤاوڵ:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

**گۆڕانی دەنگەکانیش بەپێی شوێنی هاتنیان لەناو وشەکاندا بەم شێوەیە:**

**٢-٣-٢-١ گۆڕان لەسەرەتای وشەدا:**

بەپێی ئەو داتایەی لەتوێژینەوەکەماندا وەرمان گرتوە هیچ نمونەیەکی لەم جۆرەمان نییە.

**٢-٣-٢-٢ گۆڕان لەناوەڕاستی وشەدا:**

گۆڕانی دەنگی [ə]بۆ[a]

bus /bʌs/ پاس/pæs/

گۆڕانی دەنگی[e]بۆ[a]

Data /ˈdeɪtə/ داتا/dætæ/

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[o]

Volt / vəʊlt/ ڤۆڵت/volt/

گۆڕانی دەنگی[i]بۆ[e]

Bonnet /ˈbɒnɪt/ بۆنێت/bonet/

گۆڕانی دەنگی[o]بۆ[ʉ]

Dashboard /ˈdæʃbɔːd/ داشبوڵ /dæʃbʊl/

گۆڕانی دەنگی[a]بۆ[ə]

Shaft /ʃɑːft/ شەفت/ʃəft/

گۆڕانی دەنگی[ʉ]بۆ[o]

Password /ˈpɑːswɜːd/ پاسۆرد/pæsord/

گۆڕانی دەنگی[a]بۆ[ə]

Taxi /ˈtæksi/ تەکسی/təksi/

گۆڕانی دەنگی[i]بۆ[ʉ]

Ambulance /ˈæmbjələns/ ئەمبولانس/æmbʊlæns/

گۆڕانی دەنگی[e]بۆ[ə]

cent /sent/ سەنت/sənt/

گۆڕانی دەنگی[e]بۆ[ə]

Benzine /ˈbenziːn/ بەنزین/bənziːn/

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[i]

Vitamin /ˈvɪtəmən/ ڤیتامین/viːtæmiːn/

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[e]

camera /ˈkæmərə/ کامێرا/kæmeræ/



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[ʉ]

budget /ˈbʌdʒɪt/ بوجە/bʊdʒə/

گۆڕانی دەنگی[i]بۆ[a]

Report /rɪˈpɔːt/ ڕاپۆرت/ræport/

گۆڕانی دەنگی[o]بۆ[a]

Watt /wɒt/ وات/ʊæt/

**٢-٣-٢-٣ گۆڕانی دەنگ لە کۆتای وشەدا:**

گۆڕانی دەنگی[u]بۆ[o]


shampoo /ʃæmˈpuː/ شامپۆ/ʃæmpo/

گۆڕانی دەنگی[u]بۆ[o]

cartoon /kɑːˈtuːn/ کارتۆن/kærton/

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[o]

tractor / ˈtræktə/ تراکتۆر /træktor/




چارتی ژمارە (4) نیشاندانی گۆڕانی دەنگی ڤاول بۆ ڤاول

وەک لەچارتەکەدا دەردەکەوێت، کە دەنگی (e بۆ a) بەرێژەیی (٣٪)، دەنگی (ə بۆ a) بەرێژەیی (١٩٪)، دەنگی (ə بۆ o) بەرێژەیی (١٥٪)، دەنگی (ʉ بۆ o) بەرێژەیی (٢٪)، دەنگی (o بۆ ʉ) بەرێژەیی (٣٪)، دەنگی (i بۆ e) بەرێژەیی (٨٪)، دەنگی (i بۆ ə) بەرێژەیی (٣٪)، دەنگی (e بۆ i) بەرێژەیی (٥٪)، دەنگی (a بۆ ə) بەرێژەیی (١٥٪)، دەنگی (i بۆ ʉ) بەرێژەیی (١٪)، دەنگی (ə بۆ ʉ) بەرێژەیی (٢٪)، دەنگی (ə بۆ i) بەرێژەیی (٣٪)، دەنگی (i بۆ a) بەرێژەیی (٤٪)، دەنگی (ə بۆ e) بەرێژەیی (٢٪)، دەنگی (e بۆ ə) بەرێژەیی (٦٪)، دەنگی (o بۆ a) بەرێژەیی (٥٪)، دەنگی (u بۆ o) بەرێژەیی (٢٪).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

### ٢-٣-٣ گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت:

#### ٢-٣-٣-١ گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت لەسەرەتای وشەدا:

بەپێی ئەو داتایەی لەتوێژینەوەکەماندا وەرمانگرتوە هیچ گۆڕانێکی دەنگیمان نییە لە سەرەتایی وشەدا.

#### ٢-٣-٣-٢ گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت لەناوەڕاستی وشەدا:


گۆڕانی دەنگی[i]بۆ[r]

Spare /speə/ سپێر/sper/

#### ٢-٣-٣-٣ گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت لەکۆتای وشەدا:

گۆڕانی دەنگی[ə]بۆ[R]

Gear /gɪə/ /ger/ گێر




چارتی ژمارە (5) نیشاندانی گۆرانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانت

وەک لەچارتەکەدا دەردەکەویت، کە دەنگی (ə بۆ R) بەرێژەیی (٥٠٪)، دەنگی (i بۆ r) بەرێژەیی (٥٠٪).

### ٢-٣-٤ گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ ڤاوڵ:

#### ٢-٣-٤-١ گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ ڤاوڵ لەسەرەتای وشەدا:

بەپێی ئەو داتایەی لەتوێژینەوەکەماندا وەرمان گرتوە هیچ نمونەیەکی لەم جۆرەمان نییە.

#### ٢-٣-٤-٢ گۆڕان دەنگی کۆنسۆنانت بۆ ڤاوڵ لەناوەڕاستی وشەدا:

گۆڕانی دەنگی [æ]بۆ[ə]


page /peɪdʒ/ پەیج

#### ٢-٣-٤-٣ گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ ڤاوڵ لەکۆتای وشەدا:

بەپێی ئەو داتایەی لەتوێژینەوەکەماندا وەرمان گرتوە هیچ نمونەیەکی لەم جۆرەمان نییە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4




چارتی ژمارە (6) نیشاندانی ڕێژەیی گۆرانی دەنگ بەپێی ڤاوڵ و کۆنسۆنانت

چارتی ژمارە (6) نیشـــاندانی ڕێژەیی گۆرانی دەنگ بەپێی ڤاوڵ و کۆنســـۆنانت وەک لەچارتەکەدا دەردەکەوێت، گۆرانی دەنگی کۆنســـۆنانت بۆ کۆنســـۆنانت بەڕێژەیی (٦٠٪)، گۆرانی دەنگی ڤاوڵ بۆ ڤاوڵ بەڕێژەیی (٣٨٪)، گۆرانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنســـۆنانت بەڕێژەیی (١٪)، گۆرانی دەنگی کۆنســـۆنانت بۆ ڤاوڵ بەڕێژەیی (١٪).




چارتی ژمارە (7) نیشاندانی ڕێژەیی شوێنی گۆرانی دەنگ لەناو وشەکاندا

چارتی ژمارە (7) نیشاندانی ڕێژەیی شوێنی گۆرانی دەنگ لەناو وشەکاندا، وەک لەچارتەکەدا دەردەکەوێت، گۆرانی دەنگ لەسـەرەتای وشـەدا بەڕێژەیی (٦٪)، گۆرانی دەنگ لەناوەڕسـتی وشـەدا بەڕێژەیی (٧٩٪)، گۆرانی دەنگ لەکۆتای وشەدا بەڕێژەیی (١٥٪).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

## ئەنجامەکان:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بەپێی ئەو ئامارەی کە وەرمان گرتوە تێچونی دەنگی ڤاوڵ لەناوەڕاستی وشەدا زیاترە، بەرێژەی ٧٦٪ بە بەراورد بەکۆنسۆنانت لەناوەڕاستی وشەدا ٣٪ ، چونکە ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا نایەت زیاتر لە ناوەڕاستی وشەدا دێت بۆیە، ڕێژەی تێچونیشی زیاترە لە ناوەڕاستی وشە بە بەراورد بە کۆنسۆنانت.

- بەپێێ ئەو ئامارەی کە وەرمانگرتوە زۆرترین دەنگ کە تێچونی بەسەردا هاتوە دەنگی [i] کە٣٧٪، چونکە [i] ڤاوڵێکی دو لایەنە هەندێجار بەڤاوڵ دەردەکەوێت هەندێجار بەکۆنسۆنانت.

- گۆڕانی دەنگ لەو وشە وەرگیراوانەی کە وەرمان گرتوە پشکێکی زۆری بەردەکەویت و زوتریش هەستی پێدەکرێت بەرێژەیی ٦٦٪ گۆڕانیان بەسەردا هاتوە.

- دیاردەی گۆڕانی دەنگ لەزماندا زیاتر بەم جۆرە دەبینرێت، کە گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ کۆنسۆنانت بەرێژەیی 38٪.، گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ ڤاوڵ بەرێژەیی 60٪، یان گۆڕانی دەنگی کۆنسۆنانت بۆ ڤاوڵ بەرێژەیی ١٪، لەئەنجامی نوسینی ئەم توێژینەوە بۆماندەرکەوت کە گۆڕانی دەنگی ڤاوڵ بۆ کۆنسۆنانتیش لەو وشە خواستراوانەی کەهاتونەتە ناو زمانی کوردیەوە دەبینرێ و بەرێژەیی ١٪.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Deletion and Change of Sounds of the Loanwords into the Kurdish Language (It is a statistical analytic study)

**Sherwan Husen Hamad[1] - Shokhan Qadir Hasan[2]**
[1]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This study is entitled "Deletion and Change of Sounds of the Loanwords into the Kurdish Language", which is a statistical analytic study. Study instruments have been allocated for the words borrowed from the English language and entered the Kurdish language. The study comes within the field of the phonology and has been worked on according to the descriptive The study intends to respond to the question to which extend phenomenon analytic manner. of deletion and changing sounds happen to the borrowed words that entered the Kurdish language. For this purpose, in addition to an introduction, a conclusion and the list of the sources, this study has been divided into two parts. In the first part, definition of the phonological rules, each one of deletion and changing of the sounds, loanwords and change In the second part, an analysis and statistics have been of the sounds have been discussed. presented about the words, borrowed from the English language and entered the Kurdish language, which face deletion and change of their sounds.

**Keywords:** Deletion of Sounds, Change of Sounds, Loanwords and Phonological Rules.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4

## سەرچاوەکان:

خۆشناو، شێروان حسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم-هەولێر.
سدیق، فاروق عومەر (٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.
عبدول، جمال (٢٠٠١)، بەرکۆڵێکی زانستە زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی قەشەنگ چاپی یەکەم.
علی، تالیب حسێن (٢٠١٥)، دەنگسازی و چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر.
عبدالله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا.
مەحوی، محەمەدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداجونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیَ کوردی، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم.
ناوخۆش، سەلام، نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، زمانەوانی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم-هەولێر.
ناوخۆش، سەلام (٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم.
کریم، ئاسۆ عبدالرحمن- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢١)، ڕێگاکانی دروستکردنی وشە پەیوەست بە گۆرانە (کۆمەلایەتی-زمانی)ەکاتەوە بۆ پرکردنەوەی پیویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران Journal of language stdies/Vol 4/2021.
مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنای فۆنەتیکدا، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد، بەغدا.
محەمەد، بارزان کانەبی تاهیر (٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمانی ڕۆژنامەنوسی لە پەرەپێدانی وشەی نوێباودا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٦-هەولیر.
محمد، هیدایت عبدالله (٢٠٠٧)، وشەو زاراوەی خوازراو سەپێنراو لە زمانی کورردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
مجید، سالار فائیق (٢٠١٩)، وشە ئینگلیزییە بەکارهاتوەکان لە زمانی کورردیدا، زانکۆی گەرمیان.
حمید، ساکار ئەنوەر حمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کورردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.
ڕەحمان، سەرکەوت مەجید (٢٠١٧)، فراوانبونی وشەی زمانی کوردی لە دوای راپەرینی (١٩٩١)ەوە کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین-هەلیر.
هالو، دیاری عبدلکریم سەعید (٢٠٠٧)، یاسایێن دەنگی دکوردیا ژوورریدا، (گۆڤارا بەهدینان)، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆک.

Adelaar, Karl Alexander(2018), Regular sound change, example, the evidence of single example, university of Melbourne.
Abdul, waleed khalid and jrainikh, kareem(2018)phonological rules, constreints and processes, university of Babylon.
crystal, David(1997), Cambridge encyclopedia of Language, Cambridge University press.
Faslod, Ralph and Jeef conno(2006), introduction to Language and Linguistics, University Printing House, Cambridge.
Hayes, bruce(2009), introduction phonology.
Lass, Roger(1984), phonology Cambridge University press.
Obeid, iman mingher(2016), phonology rules, University of Babylon.
O’grady, William, dan Michael Dobrovolsky. (1993) Con temporary Linguistic Analysis: An Introduction. Ontario: Copp Clark pitman Ltd.
Katamba, Francis (1994), English words, New Fetter Lane, London.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper4**